# داهاتی نەوتی و نا نەوتی عێراق
# لە حەوت مانگی ساڵی ٢٠٢٤ دا
# و
# کاریگەرییەکانی نرخی نەوت

## ئەیلول 2024

ڕێکخراوی ڕوونبین بۆ شەفافییەت لە پڕۆسەکانی نەوت


ئامادەکردنی

**ڕێکخراوی ڕوونبین**

# داهاتی نەوتی و نا نەوتی عێراق لە ماوەی حەوت مانگی ساڵی ٢٠٢٤ دا

لەم ڕاپۆرتەدا روونبین کۆی هەناردەی مانگانەی نەوت، داهاتی نەوتی و نانەوتی حەوت مانگی ٢٠٢٤ ی عێراق بڵاودەکاتەوە ، پاشان بنەماکانی دیاریکردنی نرخی نەوت و ئەگەرەکانی دابەزینی نرخی نەوت و کاریگەری لەسەر داهاتی نەوت روون دەکاتەوە.

## بوجەی عێراق

لەیاسای بوجەی حکومەتی فیدراڵی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢٤ ئاستی هەناردەی نەوتی عێراق بە ٣ ملیۆنو ٥٠٠ هەزار بەرمیلی رۆژانە دیاری کراوە لە ناویشیدا ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی هەریم هەیە. نرخی هەربەرمیلێک نەوت بە ٧٠ دۆلار خەمڵێندراوە و نرخی ئاڵوگۆڕی دۆلار بە دیناریش ١٣٠٠ دینارە. بۆیە داهاتی ئەو نەوتە خاوە بریتی یە لە ١١٦ ترلیۆن و ٢٥٢ ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دینار ، هەروەها بڕی یەک ترلیۆن دینار دانراوە وەکو داهاتی بەرهەمە نەوتییەکانی تر. کە هەمووی بەسەریەکەوە داهاتە نەوتییەکان لەساڵەکەدا دەکاتە ١١٧ ترلیۆن و ٢٥٢ ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دینار.

**داهاتی نەوت بەپێی یاسای بوجە**

| | |
|---|---|
| ئاستی هەناردە | 3,500,000 |
| نرخی بەرمیلێک نەوت/$ | 70 |
| رۆژەکانی ساڵ | 365 |
| داهات بە دۆلار | 89,425,000,000 |
| نرخی ئاڵوگۆڕی دۆلار بە دینار | 1,300 |
| داهاتی فرۆشی نەوتی خاو/دینار | 116,252,500,000,000 |
| داهاتی تری نەوتی | 1,000,000,000,000 |
| کۆی داهاتی نەوتی | 117,252,500,000,000 |

هەروەها داهاتی نانەوتیش مەزەندە کراوە بە ١٧ ترلیۆن و ٣٠٠ ملیار و ٤١٩ ملیۆن و ٦٣ هەزار دینار. واتە کۆی داهاتی عێراق دەکاتە ١٣٤ ترلیۆن و ٥٥٢ ملیارو ٩١٩ ملیۆن دئانر ، بەپێی یاسای بوجە.

| داهاتی عێراق  کە لە یاسای بوجەدا هاتووە | |
|---|---|
| داهاتی نەوتی | 117,252,500,000,000 |
| داهاتی نانەوتی | 17,300,419,063,000 |
| **کۆی داهات** | **134,552,919,063,000** |

## داهاتی حەوت مانگی عیراق

بەپێی داتاکانی وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ  لەماوەی حەوت مانگی ساڵی ٢٠٢٤دا کۆی داهاتی نەوتی و نانەوتی حکومەتی فیدراڵ ٧٧ ترلیۆن و ٤٧٥ ملیار و ٥٠٢ ملیار دیناربووە لە کاتێکدا بەپێی ئەوداهاتەی کە لە یاسای بوجەدا دیاری کراوە بۆ حەوت مانگ دەبوایە ٧٨ ترلیۆن  ٤٨٩ ملیار و ٢٠٢  ملیۆن دینار بێت.

کۆی داهاتی نەوتی ئەو حەوت مانگە بریتی بووە لە ٦٩ ترلیۆن و ١٥٧ ملیار و ٦١٨ ملیۆن دینار وە کۆی داهاتی نانەوتی ئەو ماوەیە بریتی بووە لە ٨ ترلیۆن و ٣١٧ ملیار و ٨٨٣ ملیۆن دینار.

لەگەڵ ئەوەی لەو حەوت مانگەدا نرخی نەوت لە سەروو ٧٠ دۆلارەوە بووە بەڵام هێشتا کورتهێنان هەبووە لەکۆی داهاتی چاوەڕوانکراو بە بڕی ١ ترلیۆن و ١٣ ملیار و ٧٠٠ملیۆن دینار. کورتهێنانەکەش بۆ کەمی داهاتی ناوخۆ دەگەڕێتەوە.

| داهاتی فیعلی مانگانەی عێراق | | | داهاتی مانگانە بە پێی یاسای بوجە | |
|---|---|---|---|---|
| **مانگەکان** | دینار | ڕێژەی سەدی لە داهات | مانگەکان | دینار |
| **کانوونی دووەم** | | | **کانوونی دووەم** | |
| **داهاتی نەوتی** | 10,275,776,460,258 | **89%** | **داهاتی نەوتی** | 9,771,041,666,667 |
| **داهاتی نانەوتی** | 1,266,307,956,716 | **11%** | **داهاتی نانەوتی** | 1,441,701,588,583 |
| **کۆ** | 11,542,084,416,974 | | **کۆ** | **11,212,743,255,250** |
| **شوبات** | | | **شوبات** | |
| **داهاتی نەوتی** | 8,403,127,432,645 | **94.2%** | **داهاتی نەوتی** | 9,771,041,666,667 |
| **داهاتی نانەوتی** | 520,268,428,725 | **5.8%** | **داهاتی نانەوتی** | 1,441,701,588,583 |
| **کۆ** | 8,923,395,861,370 | | **کۆ** | **11,212,743,255,250** |
| **ئازار** | | | **ئازار** | |
| **داهاتی نەوتی** | 9,009,916,665,423 | **83.8%** | **داهاتی نەوتی** | 9,771,041,666,667 |
| **داهاتی نانەوتی** | 1,747,355,655,115 | **16.2%** | **داهاتی نانەوتی** | 1,441,701,588,583 |
| **کۆ** | 10,757,272,320,538 | | **کۆ** | 11,212,743,255,250 |
| **نیسان** | | | **نیسان** | |
| **داهاتی نەوتی** | 10,337,803,634,705 | **89.9%** | **داهاتی نەوتی** | 9,771,041,666,667 |
| **داهاتی نانەوتی** | 1,164,852,968,924 | **10.1%** | **داهاتی نانەوتی** | 1,441,701,588,583 |
| **کۆ** | 11,502,656,603,629 | | **کۆ** | 11,212,743,255,250 |
| **ئایار** | | | **ئایار** | |
| **داهاتی نەوتی** | 10,428,435,978,240 | **87.1%** | **داهاتی نەوتی** | 9,771,041,666,667 |
| **داهاتی نانەوتی** | 1,550,003,422,258 | **12.9%** | **داهاتی نانەوتی** | 1,441,701,588,583 |
| **کۆ** | 11,978,439,400,498 | | **کۆ** | 11,212,743,255,250 |
| **حوزەیران** | | | **حوزەیران** | |
| **داهاتی نەوتی** | 10,347,837,821,816 | **92.2%** | **داهاتی نەوتی** | 9,771,041,666,667 |
| **داهاتی نانەوتی** | 869,915,233,025 | **7.8%** | **داهاتی نانەوتی** | 1,441,701,588,583 |
| **کۆ** | 11,217,753,054,841 | | **کۆ** | 11,212,743,255,250 |

| تەموز | | | تەموز | |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| داهاتی نەوتی | 10,354,720,733,646 | 89.6% | داهاتی نەوتی | 9,771,041,666,667 |
| داهاتی نانەوتی | 1,199,179,848,051 | 10.4% | داهاتی نانەوتی | 1,441,701,588,583 |
| کۆ | 11,553,900,581,697 | | کۆ | 11,212,743,255,250 |
| | | | | |
| کۆی داهاتی نەوتی | 69,157,618,726,733 | | کۆی داهاتی نەوتی | 68,397,291,666,667 |
| کۆی داهاتی نانەوتی | 8,317,883,512,814 | | کۆی داهاتی نانەوتی | 10,091,911,120,083 |
| کۆی داهاتی نەوتی و نانەوتی حەوت مانگ | 77,475,502,239,547 | | کۆی داهاتی نەوتی و نانەوتی حەوت مانگ | 78,489,202,786,750 |
| جیاوازی داهاتی فیعلی و یاسای بوجە | - 1,013,700,547,203 | -0.75% | | |

لەگەڵ ئەوەی عێراق لە ناو ڕێکخراوی ئۆپیکدا پابەندە بە وەی ئاستی بەرهەمی سنورداربکات بەڵام لەماوەی حەوت مانگی رابوردوودا زۆر پابەند نەبووە بەو ڕێژەیەی بۆی دەستنیشانکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی کات ئاستی هەناردەی نەگەشتووەتە ٣.٥ ملیۆن بەرمیل. بەتێکڕا ١٠٠ هەزار لەژێر ئەو بڕەوە بووە کە لە یاسای بوجەدا دەستنیشان کراوە.

| ئاستی هەناردەی عێراق | هەناردەی مانگانە | هەناردەی رۆژانە | داهاتی نەوت/ دینار | تێکڕای نرخی بەرمیلێک/$ | نرخی نەوتی برێنت /$ |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| کانوونی دووەم | 102,025,000 | 3,291,129 | 10,275,776,460,258 | 77.48 | 80.12 |
| شوبات | 106,112,038 | 3,659,036 | 8,403,127,432,645 | 60.92 | 83.48 |
| ئازار | 104,680,093 | 3,376,777 | 9,009,916,665,423 | 66.21 | 85.41 |
| نیسان | 102,386,818 | 3,412,894 | 10,337,803,634,705 | 77.67 | 89.94 |
| ئایار | 104,130,292 | 3,359,042 | 10,428,435,978,240 | 77.04 | 81.75 |
| حوزەیران | 102,314,548 | 3,410,485 | 10,347,837,821,816 | 77.80 | 82.25 |
| تەموز | 108,053,356 | 3,485,592 | 10,354,720,733,646 | 73.72 | 85.15 |
| کۆ | 729,702,145 | | 69,157,618,726,733 | | |

پابەند بوون بە و برەی کە دیاری دەکرێت لە لایەن ئۆپیکەوە بۆ وڵاتانی بەرهەم هێن سوودی هەیە، لەلایەک نرخی نەوت بەبەرزی رادەگرێت لەلایەکی تریش بە نەوتێکی کەمتر داهاتێکی زیاتری دەست دەکەوێت و مەترسی داشکانی نرخی نەوت کەمتر دەبێتەوە.

## نرخی نەوت:

نرخی نەوت پەیوەستە بە خواست و خستنە ڕووە وە. خواست راستەوخۆ پەیوەستە بە بوژانەوەی ئابووری جیهان ، بەتایبەت وڵاتەپیشەسازییکەن کە بەکاربەری سەرەکی نەوت و بەرهەمە نەوتییەکانن. خستنەڕووش پەیوەستە بە ئاستی بەرهەم هێنانی وڵاتانی بەرهەم هێنی نەوت.

لە پاڵ ئەمانەشدا چەندین هۆکاری تر هەن کە خزمەت بەم بنەما یەی سەرەوە دەکەن. لەوانە شەڕ و ناسەقامگیری ئەمنی بەتایبەت وڵاتانی بەرهەم هێن و بەتایبەت تر رۆژهەلاتی ناوەڕاست ، زریان و گۆرانکاریە کەشوهەواییەکان، لێدوانی بەرپرسانی نەو ت و سیاسییەکان ( وڵاتانی بەرهەمهێن بەتایبەتی) ، راپۆرتەکانی پێشبینی (ڕێکخراوی ئۆپیک، ئاژانسی وزەی نێو دەوڵەتی، فەرمانگەی زانیاری وزەی ئەمەریکی و داتاکانی گەشەی ئابووری چین، پێشبینی دەڵاڵ و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی وزە...) کاریگەری کورت مەودا و درێژ مەوداشیان دەبێت لەسەر بەرزبوونەوە یان دابەزینی نرخی نەوت.

## عێراق و ئۆپیک

لە ئێستادا پێشبینییەکان زوو زوو گۆڕانکاریان بەسەردا دێت سەبارەت بە خواست لەسەر نەوت، ڕێکخراوی ئۆپیک کە نزیکەی ٢٧٪ ی نەوتی جیهان بەرهەم دەهێنێت بەیەکەوە لە گەڵ ١٠ وڵاتی دەرەوەی رێکخراوەکە بەسەرکردایەتی روسیا هاوپەیمانییەکیان لەساڵی ٢٠١٦ ەوە پێکهێناوە بەناوی ئۆپیک پلەس نزیکەی ٤١٪ نەوتی جیهان بەرهەم دەهێنن رۆڵی گرنگیان هەیە لە خستنەروی نەوت و دیاری کردنی نرخی نەوت، بەواتایەکی تر کاریگەرییەکی زۆریان هەیە لە سەقامگیری نرخی نەوت. گرنگی

و کاریگەری ڕێکخراوی ئۆپیک و هاوپەیمانەکانی (ئۆپیک پلەس) زۆر بەڕوونی لە ساڵی ٢٠١٦ ەوە دەرکەوت دوای ئەوەی بەدیاری کردنی ئاستی بەرهەمیان توانییان تا ڕادەیەکی باش سەقامگیری بۆ بازاڕی نەوت بگەڕیننەوە. کاریگەرییەکەیان زیاتر لە سەرو بەندی کرۆنا لە سەرەتای ٢٠٢٠ دەرکەوت کە توانییان ئاستی بەرهەم هێنان وڵاتانی ئەندامیان بۆ ئاستێکی پێوانەیی کەم بکەنەوە، توانیان کە جۆرێک لە سەقامگیری بۆ بازاڕی نەوت بگەڕیننەوە.

لەو کاتەوە ئەم هاوپەیمانییەتیە کە عێراق ئەندامێکی کاریگەر و گرنگە تێیدا سەقفی بەرهەمی وڵاتەکانی ئەندامی دیاری کردووە، وە تا ڕادەیەکی باشیش پابەند بوون بەو ئاستەی لە بەرهەم بۆیان دیاری کراوە توانیویانە نرخی نەوت لە ئاستێکی بەرزدا ڕابگرن. بەڵام هەندێ جار خاو بوونەوەی ئابووری جیهان و مەترسی هەڵاوسان و جەنگاکان کاریگەری ئۆپیک پلەسی کەمکردووەتەوە، بۆیە زۆر جار مانگانە چاوپیاخشاندەوە بە ئاستی بەرهەم و پابەندی ئەندامەکان و پێشبینی گەشەی ئابووری وخواست لەسەر نەوت هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت ولەسەر ئەو بنەمایە بڕیار دەدرێت ئاستی بەرهەم وەکو خۆی بمێنێتەوە یان زیادیان کەم بکرێتەوە.

بۆیە نرخی نەوت هەمیشە لە نێوان ئاوان و دەستکەوانی خواست و خستنە ڕوودایە. لەم نێوەندەدا عێراق وەکو وڵاتێک کە داهاتەکەی لە ٨٩٪ پشتی بە نەوت بەستووە، بۆیە هەمیشە لەبەردەم مەترسی دابەزینی نرخی نەوت و کورتهێنانی زیاتری بوجەدایە.

ماوەی ساڵ و هەشت مانگی ڕابوردوو، ماوەی هەنگوینی بوو بۆ نرخی نەوت کە لەسەروو ٨٠ دۆلار و هەندێ جاریش ٩٠ دۆلار مامەڵەی پێوەدەکرا، بەڵام لە ئێستادا مەترسی کۆتایی ئەو ماوە هەنگوینییە لە ئاسۆدا دەردەکەوێت. لەپاڵ هۆکاری خاوبوونەوەی ئابووری چین و ئەمەریکا و ئەوروپا ، هۆکارێکی تریش هەیەکە کەمتر ئاماژەی پێدەکرێت کە ئەویش ڕووکردنە بەرهەمهێنانی وزەی سەوز یان وزەی نوێ بووەوەیە لە لایەن ئەو سێ میحوەرە گرنگەی بەکاربەری نەوتن (چین، ئەمەریکا، ئەوروپا)، چین زۆر بەخێرایی بەرەوپێش دەچێت لە بەرهەم هێنانی ئۆتۆمۆبیلی کارەبایی بە کوالێتی بەرز و نرخی نزم ، ئەوە جگە لە هەموو کۆمپانیاکانی ئۆتۆمبیل کە لەکێبڕکێیەکی خێرادان بۆ بەرهەم هێنانی زیاتر، لەپاڵ ئەمانەشدا کۆمپانیا زەبەلاحەکانی نەوتی جیهانیش وەبەرهێنانی گەورە دەکەن لە وزەی نوی بووەوە. بۆیە هەموو پێش بینییەکان بۆ کەمبوونەوەی خواستە

لەسەر نەوت لە ئایندەیەکی مامناوەندا، هەندێ لێکۆڵینەوەکانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە خواست لەسەر نەوت گەشتووەتە لوتکە و کێرڤەکە بەرەو داکشان دەچێت.

لەکاتی دابەزینی نرخی نەوت عێراق کێشەی داهاتی وپڕکردنەوەی بوجەی بۆ دروست دەبێت، لێرەدا بە سێ سیناریۆ ئاستی کورت هێنانی داهاتی نەوتی دەخەینە ڕوو.

## سیناریۆی یەکەم :

ئەگەر نرخی نەوتی عێراق ٥ دۆلار دابەزێت لەوەی لە بوجەدا دەستنیشانکراوە واتە ٦٥ دۆلار (نرخی نەوتی عێراق ٣بۆ ٤ دۆلار کەمترە لە نرخی پێوەری جیهانی برێنت واتە گەر نرخی برێنت ببێت بە ٦٩ دۆلار) ئەوا بڕی ٩ ترلیۆن و ٣٠٣ ملیار دینار کورت هێنان دەبێت لە داهاتی نەوتدا.

پەیوەست بەم سیناریۆیە لە هەفتەی دووهەمی مانگی ئەیلولدا نرخی نەوتی برێنت دابەزی بۆ ٧٠ دۆلارو و خوارتریش. کەواتە سیناریۆی یەکەم لە ئێستادا ئەگەرێکی بەهێزە.

| | |
|---|---|
| **سیناریۆی یەکەم** | |
| **بەرهەمی رۆژانە** | 3,500,000 |
| **نرخی بەرمیلێک** | 65 |
| **رۆژەکانی ساڵ** | 365 |
| **کۆی داهاتی هەناردە دۆلار** | 83,037,500,000 |
| **کۆی داهاتی نەوت بە دینار** | 107,948,750,000,000 |
| **داهاتی نەوت لە یاسای بوجە دا** | 117,252,500,000,000 |
| **کورتهێنان** | **-9,303,750,000,000** |

لە ئەگەری ڕوودانی ئەم سیناریۆیەدا، ئەوکات عیراق ڕەنگە زیاتر فشار لەسەر هەرێمی کوردستان بکات بۆ ڕادەستکردنی تەواوی داهاتی نەوتی و نانەوتی بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی بوجە. بۆیە لە بەرژەوەندی هەرێمە کێشەکانی بە تواوی چارەسەر بکات لە گەڵ عیراقدا.

## سیناریۆی دووەم:

ئەگەر نرخی بەرمیلێک نەوتی عێراق دابەزێت بۆ ٦٠ دۆلار ئەوکاتە کورتهێنانەکە زیاتر دەبێت، و دەگاتە ١٧ ترلیۆن و ٦٠٧ ملیار دینار.

| سیناریۆی دووەم | |
|---|---|
| بەرهەمی رۆژانە | 3,500,000 |
| نرخی بەرمیلێک /دۆلار | 60 |
| رۆژەکانی ساڵ | 365 |
| کۆی داهاتی هەناردە /دۆلار | 76,650,000,000 |
| کۆی داهاتی نەوت/ دینار | 99,645,000,000,000 |
| داهاتی نەوت لە یاسای بوجە دا | 117,252,500,000,000 |
| **کورتهێنان** | **-17,607,500,000,000** |

## سیناریۆی سێهەم:

کاتێک نرخی نەوت دابەزێت بۆ ٥٥ دۆلار ئەکاتە کورتهێناکە دەبێتە ٢٥ ترلیۆن و ٩١١ ملیار دینار.

| سیناریۆی سێهەم | |
|---|---|
| بەرهەمی رۆژانە | 3,500,000 |
| نرخی بەرمیلێک /دۆلار | 55 |
| رۆژەکانی ساڵ | 365 |
| کۆی داهاتی هەناردە /دۆلار | 70,262,500,000 |
| کۆی داهاتی نەوت/ دینار | 91,341,250,000,000 |
| داهاتی نەوت لە یاسای بوجە دا | 117,252,500,000,000 |
| **کورتهێنان** | **-25,911,250,000,000** |

سیناریۆی دووەم و سێهەم ئەگەر لاوازیش بن بەڵام ئەگەرێک و مەترسییەکە هەمیشە ترسی ڕودانی هەیە، و لە رابووردوشدا رووداوی چاوەڕواننەکراو هەموو پێشبینییەکانی پێچەوانە کردووەتەوە. ئەوکات کێشەی گەورە بۆ مووچە و خزمەتگوزارییەکان لە عیراق و هەرێم درووست دەبێت. هەڕەشەیەکی گەورەشدەبێت لە سەر ڕیکەوتنەکانی بودجەی نێوان بەغداد و هەولێر.

بۆیە گرنگە عێراق  زۆر بەجدی و خێرایی هەوڵی زیادکردنی سەرچاوەکانی تری داهات بدات و هەنگاوی کردەیی بنێت بە ئاراستەی وزەی نوێ بووە وە.

خۆشبەختانە جوگرافیای عێراق و هەرێم زۆر گونجاوە بۆ بەرهەمهێنانی وزەی نوێ بووە وە (خۆر، باو و ئاو).